# چەمکی سیاسەت لەدیدی ئیسلامەوە

[ كردي – کوردی – kurdish ]


**موحەمەد صالّح المنجد**

**سایتی (ئیسلام پرسیار ووەڵام)**



**وەرگێڕانی:** دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# مفهوم السياسة من المنظور الإسلامي

« باللغة الكردية »


محمد صالح المنجد

موقع الإسلام سؤال وجواب


ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز


2013 - 1434

IslamHouse.com

# چەمکی سیاسەت لەدیدی ئیسلامەوە

**پرسیار :** ئایا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەحوکمڕدنیدا کاری بەسیاسەت کردووە، یان جوانترە بڵێین ئایا لەبەڕێوبردنی کاروباری دەوڵەتدا کاری بەسیاسەت کردووە؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە، درود وصەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت وهاوەڵە بەرێزەکانی .

سیاسەت لەزمانی عەرەبیدا سەرچاوەی ووشەی (سَاسَ)ـەیە، کە مەبەست پێی هەستان بە ئەنجامدانی کارێکە بەو شێوەیەی کە شیاوە بۆی، (واتە : دانانی هەموو شتێك لەجێگای خۆی بەو شێوەیەی کە شیاویەتی)، ووتراوە : «سَوَّسَهُ القومُ » : بەمانای ئەوەی کەسێك دانرابێت کە کاروباری گەلێك یان کۆمەڵە کەسێك بەڕێوە ببات بەو شێوەیە کە شیاو وباشە بۆیان، هەروەها ووتراوە : «سُوِّسَ فلانٌ أَمرَ بني فلان» واتە : فلان کەسیان

داناوه كه كاروبارى فلان هۆز بەرێوه ببات . [ سەيرى لسان العرب" (٦ /١٠٧) ، "القاموس المحيط" (لاپەڕه ٧١٠) بكه ] .

ئیمامی بوخاری وموسلیم له ئەبوهورەیرەوه (خوای لێ ڕازی بێت) گێڕاویانەتەوه، که پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : « كَانَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ تَسُوسُهُمْ الْأَنْبِيَاءُ ، كُلَّمَا هَلَكَ نَبِيٌّ خَلَفَهُ نَبِيٌّ .... » [ بوخاری بەژمارە (٣٤٥٥) وه مسلم بەژمارە (١٨٤٢) ڕیوایەتیان کردووه ] .

واته : پێغەمبەرەکان کاروباری بەنو ئیسرائیلیان بەرێوه دەبرد وپێشەوایەتیان دەکردن، هەرکاتێکیش پێغەمبەرێکیان وەفاتی بکردایه وبمردایه، پێغەمبەرێکی تر جێگای دەگرتەوه لەبەرێوەبردنی کارەکانیاندا .

ئیمامی نەوەوەی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ووتویەتی : ( تَسُوسهُمْ الْأَنْبِيَاء ) أَيْ : يَتَوَلَّوْنَ أُمُورهمْ كَمَا تَفْعَل الْأُمَرَاء وَالْوُلَاة بِالرَّعِيَّةِ ، وَالسِّيَاسَة :

الْقِيَام عَلَى الشَّيْء بِمَا يُصْلِحهُ " [شرح صحيح مسلم، بەرگی شەشەم/ لاپەڕە ٢٣١] .

واتە : ئەو پێغەمبەرانە کاروباری بەنوئیسرائلیان لەئەستۆ گرتبوو وبەڕێوەیان دەبرد، هەروەك چۆن ئەمیر وکاربەدەستەکان کاورباری ڕەعیەت وهاونیشتیمانیەکانیان بەڕێوە دەبەن، مانای سیاسەتیش ئەوەیە : کەسێك هەڵبسێت بە ئەنجامدانی کارێك بەو شێوەیەی ئەو کارە ئەیخوازێت وشیاویەتی .

ابن نجیمی حەنەفیش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەم بارەیەوە ووتویەتی : « السياسة هي فعل شيء من الحاكم لمصلحة يراها وإن لم يرد بذلك الفعل دليل جزئي » [البحر الرائق (٥ /١١)] .

واتە : سیاسەت بریتیە لە لەو کارەی کە کاربەدەستێك ئەنجامی دەدات لەپێناو تەحقیق کردنی بەژەوەندیەکدا کەوای

دەبینێت بەو کارەی کە دەیکات بەرژەوەندیەکە جێ بەجێ دەبێت، ئەگەر ئەو کارە بەڵگەیەکی ووردییش لە بارەیەوە نەهاتبێت .

ئیبن خەلدونیش پێناسەی سیاسەتی شەرعی بەم شێوەیە کردووە : « حمل الكافة على مقتضى النظر الشرعي في مصالحهم الأخروية والدنيوية الراجعة إليها، إذ أحوال الدنيا ترجع كلها عند الشارع إلى اعتبارها بمصالح الآخرة ، فهي في الحقيقة خلافة عن صاحب الشرع في حراسة الدين وسياسة الدنيا به " انتهى من "مقدمة ابن خلدون » [ مقدمة ابن خلدون، لاپەڕە ۹۷] .

واتە : سیاسەتی شەرعی بریتیە لەوەی هەموو خەڵك وڕەعیەت ئاڕاستە وپابەند بکەیت لە بەرژەوەندیەکانی دواڕۆژو ودونیایان کە ئەمەی دواییشیان هەر بۆلای یەکەم دەگەڕێتەوە، بەو شێوەیەی کە دیدوبۆچوونی شەرع لەبارەیەوە هاتووە،

چونکە کاروباری دونیا بەدیدوبۆچونی شەرع هەر هەمووی بە بەرژەوەندیەکانی دواڕۆژەوە بەندە، لەڕاستیشدا جێنشینی خاوەنی شەریعەتە بەو شێوەیەی کە پارێزگاری وپاسەوانی دین بکرێت، وکاروباری دونیاش هەر بەو بەڕێوە ببرێت .

بەم شێوەیە سیاسەت بەشێکە لە ئیسلام وبەهیچ شێوەیەك لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام جیا ناکرێتەوە، وە هیچ جیاوازیەك نابینرێت لەنێوان دین وسیاسەتدا، بەڵام وەك لەسەروە ئاماژەمان پێدا سیاسەتێك بێت کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام پەسەندی بکات، وبەرژوەندی گشت کۆمەڵگا وتاکەکانی بێنێتەدی .

لەم دیگایەشەوە، دیگای زانایان و پسپۆڕانی ئیسلام، پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) کاری بەسیاسەتێکی پڕ لە حیکمەت ودانابییەکی زۆر ژیرانە کردووە لەحوکم وبەرێوەبردنی وولاتدا،

چونکە ئەو پێغەمبەرە ئازیزە شەریعەتێکی وای بۆ هاتووە لە لایەن خوای گەورەوە، کار بۆ بەدیهێنانی بەرژەوندیەکانی کۆمەڵگا وتەواوکردنیان دەکات، لەهەمان کاتیشدا کار لەسەر ئەوە دەکات کە ئەوەی کاری خراپ بێت نەیهێڵێت و کەمی بکاتەوە .

بۆیە دەبینین پاش خۆیشی خەلیفەکانی ڕاشدین وپێشەوانی هیدایەتی ئوممەتی ئیسلام، لەسیاسەت وحوکم کردنیاندا لەسەر ئەم ڕێبازە هەنگاوەکانیان هەڵهێناوە وجێ بەجێیان کردووە (خوای گەورە لەهەموویان ڕازی بێت هەروەك چۆن ڕازیش بووە) .

[بۆ زیاتر شارەزا بوون دەتوان بگەڕێنەوە بۆ کتێبی ( الطرق الحكمية ) ابن القيم الجوزی لاپەڕە ١٧ تا ٢٠ ] .

خوای گەورە زیاتر شارەزامان بکات لەدینەکەی خۆی وفێری حیکمەت و داناییمان بکات لەبەڕێوەبردنی کاروباری موسڵمانان‌دا بەو شێوەیەی کە خۆی پێی ڕازیە .